**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بەیاننامە :٢**

**رۆژی بەیاننامە : ٢٠٠٢/٩/٧**

# بەیاننامە

پشت بە حوکمی ماددەی هەشتەم لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ ( یاسای بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا ــ وەقایعی کوردستان ) ، لەبەر ئەوەی کە هەڵەیەکی چاپ لە ماددەی حەوتەمی یاسای ژمارە (١١)ی رۆژی (٢٠٠٢/٦/٢٥)دا رویداوەو هەر بەو هەڵەیەوە لە ژمارە (٧٠)ی رۆژی (٢٠٠٢/٨/٦)ی رۆژنامەی (پەرلەمان) و ، ژمارە (٣٣)ی رۆژی (٢٠٠٢/٧/١٨)ی رۆژنامەی وەقایعی کوردستانیشدا بڵاوکراوەتەوە ، کە دەقی برگەی (چوارەم)ی ماددەی حەوتەم بەم شێوەی خوارەوە چاپکراوە :

(چوارەم : پێویستە لەسەر لایەنە ناوبراوەکانی برگە (یەکەم)ی سەرەوە رێژەی (١٠٪)ی مزوکرێی راوێژکاریی یاسایی پارێزەر دابشکێنن و پارەکە هەواڵەی سەندیکا بکەن تا بە داهاتی خۆی تۆماری بکات ، بە مەرجێ ساڵی لە (٢٥٠) دوو سەد و پەنجا دینار کەمتر نەبێت).

دەقە دروستەکەشی ئەمەیە :

(چوارەم : پێویستە لەسەر لایەنە ناوبراوکانی برگە (یەکەم)ی سەرەوە رێژەی (١٠٪)ی مزوکرێی راوێژکاریی یاسایی پارێزەر دابشکێنن و پارەکە هەواڵەی سەندیکا بکەن تا بە داهاتی خۆی تۆماری بکات ، بە مەرجێ ساڵی لە (٣٠٠) سێ سەد دینار کەمتر نەبێت ).

لەبەر ئەوە بە پێویست زانرا ئەو هەڵەیە راست بکرێتەوە .

**د. رۆژ نوری شاویس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ــ عێراق .**